# سوعبەت

## لەگەڵ بڵاوکراوەکانا

**کوردستانی نوێ:** لە کوردستاندا ئۆپۆزیسیۆن نیە
**سیخورمە:** لەگەڵ دەولەتێکا شەکلی نەکردبێ
**چاودێر:** ئەو گرێکوێرانەی پێنج کابینەی پێشوو نەیانتوانی بیکەنەوە
**سیخورمە:** لای کابینەی شەشەم وەك افتح یا سمسم وایە
**دەستوور:** ئاگاتان لە پۆلیسو ئاسایشەکان بێت
**سیخورمە:** دز نەیانبات
**هاوڵاتی:** شەکر تەمەن کەم دەکاتەوە
**سیخورمە:** هەر بۆیە لە بایەعییەکا لایانبرد
**خەبات:** خەمی ڕۆژنامەگەریی کوردی
**سیخورمە:** ئەوەندە سارد بۆتەوە کەس بۆی ناخورێ
**کوردستانی نوێ:** دەنگێك دەیەوێت جیاواز بێت
**سیخورمە:** بەڵام دکتۆرە بەلقیس دەڵێ نەخێر
**میدیا:** نەجوا کەرەم دێتە کوردستان
**سیخورمە:** ئەنفلۆنزای بەرازیش
**کوردستانی نوێ:** بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکەی یەکێتی نەبێتە دیوەخان
**سیخورمە:** تکایە سەرینی پەڕ دامەنێن
**خەبات:** سێر ماسولکەی دڵ بەهێز دەکات
**سیخورمە:** زوڕناش هی دەمو لێو
**هاوڵاتی:** با حزب واز لە ناوەندەکانی خوێندن بهێنێت
**سیخورمە:** بۆ ئێمەو بۆ موعارەزە
**کوردستانی نوێ:** حکومەت لە هەڵەبجەدا
**سیخورمە:** ئەڵێن تۆزێ ئیعتیباری پەیا کردۆتەوە
**ژیانەوە:** لە پێناوی پارەدا
**سیخورمە:** ڕەشتان لێ ئەکەم بە سپی
**کوردستان ڕاپۆرت:** کوردەکان لە ئەڵمانیا قومار دەکەن
**سیخورمە:** قومار قەیناکە.. هەر تەکەتول نەکەن چش
**خەبات:** تکایە دیوارە دەستکردەکان بڕوخێنن
**سیخورمە:** چونکە دیواری طه بیعیمان زۆرە
**هاوڵاتی:** چ یاسایەك پلە وا بەرز دەکاتەوە؟
**سیخورمە:** یاسای دارستان
**ئاڵای ئازادی:** پەنجەکان چی لێ بکەین؟
**سیخورمە:** وازیان لێ بێنە. خۆیان یەکتری ئەشکێنن
**هەولێر:** کوردستان دکتۆری باشی هەیە
**سیخورمە:** بەڵام نەخۆشەکانی خراپن
**خەبات:** بۆ ئەوەی پیاوێکی نموونەیی بیت
**سیخورمە:** دەست لە ژنی نموونەیی بشۆ

**والاپرێس:** دایکت خۆش دەوێ یان باوکت؟
**سیخورمە:** دایکت
**لڤین:** د.بەرهەم لەبەردەم نەشتەرگەریی ئۆپۆزیسیۆندا
**سیخورمە:** هێشتا بەنجەکە نەیگرتووە
**ئاوێنە:** بزووتنەوەی گۆڕان تازە لە هەولێر دەستی پێکردووە
**سیخورمە:** ئینجا تازە فریای چی ئەکەوێ! ئێمە وا لێ بووینەوە
**ڕووداو:** خوێندکاران ڕۆژنامەکان دەکەنە سفرە
**سیخورمە:** دە کەواتە نەختێ پانتری کەن پیاو بن
**ئاوێنە:** ژن سێ ئەوەندەی پیاو قسە ئەکات
**سیخورمە:** بەتایبەت لەبەردەم مەسئولینا
**هەولێر:** چ کەسێك نەشتەرگەریی لووتی پێویستە؟
**سیخورمە:** ئەوەی کە بەم وەزعە بۆگەنە ئەڵێ ئەڵڵا
**خەبات:** دڵپاکی لە سیاسەتا
**سیخورمە:** نیشانەی کەرێتییە
**هەولێر:** کاتی ئەوە هاتووە وەڵامی ویژدانی خۆمان بدەینەوە
**سیخورمە:** بە نەخێر؟
**هاوڵاتی:** زەنگی بەخۆهاتنەوەی حزب
**سیخورمە:** شازی دەنگی هەیە
**ڕووداو:** ژنانی سلێمانی ژەمی ئێواران دەبەنە دەرەوە
**سیخورمە:** ئەوەی بەیانیانیش ئەبەنە دائیرە
**یەکگرتوو:** قسەکردن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد چووە هۆڵی پەرلەمانەوە
**سیخورمە:** کە هۆڵێکە لە توونی بابا خراپترە
**خەبات:** تا نەبیتە هۆی تێکچوونی ماڵەکەت
**سیخورمە:** هیچ موجەلەیەك هەقایەتەکەت بڵاوناکاتەوە
**چاودێر:** ڕاکردنو چاوشارکێ لە ماڵی ئۆپۆزیسیۆندا
**سیخورمە:** هەموو جارێك ئەبێ بە عاجزی
**کوردستانی نوێ:** سەرما گۆڕانکاریی لە بەرنامەی کارەبادا دروست ناکات
**سیخورمە:** بەس نەختێ تەنوورەکەی هەڵئەداتەوە

